# شێوازی داواکاریی بۆ پشتگیریی بەشی 4 لەکاتی دووگیان بووندا

scottish refugee council

ئۆکتۆبری 2010

Kurdish

بەشی 4 (Section 4) جۆرێ پشتگیریی کورتەماوەیەکەئەگەر لەگەڵ داواکاریی پەنابەریەتی ئێوە دژایەتی بکرێتو داواکاریی پێداچوونەوەش دەرەنجامێکی نەبێت لەلایەن وەزارەتی ناوخۆ پێشکەش دەکرێت. ئەگەر ناتوانن دەستبەجێ سنووری یەکیەتی پاشایەتی بەجێ بهێڵن و لانەوازن (بێ خانوون) یان پارەی کڕینی چێشتتان نییە(بەواتایەک موحتاجن)، ئەگەر دووگیان بن، مەرجی وەرگرتنی پشتگیریی خاڵی 4 تان هەیە.
بەوەشەوە، بەمەبەستی داواکاریی پشتگیریی بەشی 4 لەسەر بنەمای دووگیان بوون، وەزارەتی ناوخۆ ئێوەمە جبوور دەکات کە**هەموو** ئەو بەڵگانەی خوارەوەپێشکەش بکەن. کاتێ بەڵگەو زانیاریەئاماژەپێکراوەکانتان دابین کرد بەلەدەستدابوونی ئەوانەسەردانی نووسینگەی ئێمەلەئەنجومەنی پەنابەرانی سکۆتلەند بکەن تاکو کاتێکی راگەیشتن بەداواکاریی بەشی 4 بۆ ئێوەرێکخەین.

**بەڵگەپێویستەکان بریتین لە:**

1. بەڵگەیەکی MATB1 لەلایەن پزیشکی (پزیشکی خێزانی) خۆتان **یان** پسپۆڕی مامانی لەپەسەندی ئە وەیدا کەلانیکەم 32 حەوتەلەدووگیانی ئێوەتێدەپەڕێت. ئەگەر نەچوونەتەلای مامان (قابیلە)، ئێمەدە توانین کاتێکی جاولێکردن بۆ ئێوەرێکخەین؛

2. ریزبەندی نووسراوی هەموو ئەو ناونیشانانەی کەلەکاتی هاتنەناو سنووری یەکیەتی پاشایەتیەوەلەوانە دا ژیاون. ریزبەندەکەدەبێت بەریزی کاتییەوەبێت بەجۆرێ کەناونیشانی نوێترین شوێنی نیشتەجێ بوونی خۆتان لەسەرەتاداو یەکەمین ناونیشانێ کەپاش هاتنەناو سنووری یەکیەتی پاشایەتی تیایدا نیشتە جێ بوون لەکۆتاییدا ئاماژەپێ بکەن. ناوی ئەو کەسانەی کەلای ئێوەدا ژیاون و ئەگەر بکرێت، نامەگە لێک لەلایەن ئەوانەوەلەگەڵ ئاماژەکردن بەکاتی نیشتەجێ بوونی ئێوەلای ئەوان و هۆی ئەوەی کە بۆچی ئیتر ناتوانن لەئێوەپشتگیریی بکەن. ئەم بابەتانەبەتایبەت لەپێوەندی لەگەڵ ساڵی پێش داواکاریە کەی ئێوەدا گرنگایەتیان هەیە. ئەگەر بتوانن ئەو نامانەش کەلەم ناونیشانەدا بۆ ئێوەنێردراون پێشکەش بکەن، یارمەتیەکی زۆر دەبێت بۆ لێکدانەوەی داواکاریی پشتگیریی بەشی 4 بۆ ئێوە؛

3. ریزبەندێکی نووسراو لەهەموو ئەو شوێنانەی کەلەکاتی هاتنەناو سنووری یەکیەتی پاشایەتیەوەلەوێدا کارتان کردووەلەگەڵ پەڕاوەی مووچەو فۆرمەکانی P45 کەلەکۆتایی کاردا وەرتانگرتووە، هەڵبەت ئەگەر ئەوانەتان لەبەر دەست دایە. ئەگەر بەشێوەی نایاسایی لەسنووری یەکیەتی پاشایەتیدا کارتان دە کرد، ئەم کارەنایاساییەکاریگەریەکی لەسەر داواکاریی بۆ بەشی 4ی ئێوەنابێت، بەمەرجێ کەئێستاکەلە و کارەنایاساییەدەستتان هەڵگرتبێت؛

4. تایبەتمەندیەکانی هەموو حەسێبەبانکیەکان کەلەسنووری یەکیەتی پاشایەتیدا هەتانەلەگەڵ ریزبەندی حە سێبەبانکیەکانی پێوەندیدار بەشەش مانگی رابردوو؛ **و**

5. ئەگەر هێشتاکو لەگەڵ باوکی منداڵەکەی خۆتان پێوەندیتان هەیە، پێویستەناونیشان، تایبەتمەندیەکانی شوێنی کار و ریزبەندەکانی حەسێبی بانکی پێوەندیدار بەو لەگەڵ دەربڕیننامەیەکی نووسراوەکەتێیدا ئە و هۆی ناتوانی خۆی بۆ پشتگیریی و پاڵپشتی لەئێوەو منداڵەکەتان بنووسێت، پێشکەش بکەن.

**خاڵێکی گرنگ:** ئەو نامانەی کەپێشکەشیان دەکەن دەبێت بەئینگلیزی بن. بەوەشەوە، ئەگەر نووسەری نامە ناتوانێت بەئینگلیزی بنووسێت، پێشنیار دەکەین ئەو/ئەوان لەگەڵ خۆتان بهێنن بۆ دانیشتنی لێکدانەوەتاکو یارمەتیان بدەین بۆ نووسینی نامەیەک بۆ ئێوە.

ئەگەر ناتوانن بەزمانی ئینگلیزی بنووسن، دەتوانن ریزبەندی ناونیشانەکان و شوێنەکانی کاری ئاماژەپێکراو لەم نامەیەدا بەزمانی خۆتان (کوردی) بنووسن.

Scottish Refugee Council, 5 Cadogan Square, (170 Blythswood Court), Glasgow G2 7PH Tel: 0141 248 9799, Fax: 0141 243 2499,
www.scottishrefugeecouncil.org.uk
Scottish Refugee Council is a charity registered in Scotland.
Registered Charity: SC008639